# کۆمۆنیزمەکەی سەلام عەبدوڵا  باوەشێنی ناسیۆنالیزم دەکات

لەوە ئاسایی تر نی یە کەسێک بەرگری لە ئایدۆلۆژیەت و بیروباوەڕی سیاسی خۆی بکات . بەڵام شەرم نەکات و لە ژێر هیچ پەردەیەکدا ئەم کارە نەکات . ئەمەش مافێکی سادە و بچووکی هەر ئینسانێکە . پێم وایە بەڕێز ( س . ع ) بە پێچەوانەوەی نووسەرە ناسیۆنالیستەکانی ترەوە بۆ بەرگری لە ئامانج و دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و زاراوە و فۆرمۆلە ئایدیۆلۆژی و سیاسی یەکانیان بە بەرگێکی هەڵگەڕاوە و سواوی کۆمۆنیزمی بۆرژوازیەوە ئەم بەرگریە دەکات .

ب ڕەخنەی لە بیر و بۆچوونی حزبی ئێمە یان چاوپێکەوتنەکەی ڕێبوار ئەحمەد هەیە لەسەر مەسەلەی میللی لە ئەمرۆی عێراقدا بەیانی بکات . بەڵام وا پێ دەچێت ئەم بەڕێزە جدی نەبێت و لە ووتارێکی بێ سەر و بن دا تەنها چەند ووشەیەکی لە چاوپێکەوتنەکەی ڕێبوار ئەحمەد و کۆڕەکەی من لە پالتاک هێناوەتەوە , لەبەر ئەوەی دژی ناسیۆنالیزمی کوردین لە قەفەسی تاوان دا ڕایگرتووین !!

ئەو باس و مەسەلەیەی کە نووسەر پێ ی ناڕەحەتە و بۆنی تاوانی لە کۆمۆنیزمی لێ دەکات هەروەکو لە نامەکەیدا هاتووە ئەمانەیە :

<u>**یەکەم –**</u>

نووسەر ڕەخنەی لەوە هەیە کە ڕێبوار ئەحمەد دەلێت ( ئێستا ئەوەی لە عێراق دا جەماوەری خەلک لەگەلی بەرەو ڕوون کێشە و بەرانبەرکێ یەکی کۆنەپەرستانە ی قەومی وتیرەگەریە کە حزب و ڕەوتە ناسیۆنالیستی و ئیسلامی یەکان خولقاندوویانە بناغەکەشی کێشەیە لەسەر بەشە دەسەڵاتی خۆیان و هیچ پەیوەندیەکی بە ماف و چارەنوسی خەلکەوە نی یە , هەروەها پەیوەندیشی بە ستەمی میللی و مەسەلەی میللیەوە نی یە بەو مانایەی کە پێشتر هەبوو ) , ئەمە ناوەڕۆکی خیلاف و دژایەتی نووسەرە و بریاری داوە لە بەرامبەری دا بێ دەنگ نەبێت . با بۆ ساتێک بچینە پال قسەکانی ئەم نووسەرە و بە دلی ئەو بکەین و ئەو کێشەو بەرانبەرکێ یەی کە هەیە لێک بدەینەوە , بەو نەتیجەیە دەگەین کە :(( ئەوتەبلیغات و پەلاماری مالان و شەڕ و کێشە بەرنامە بۆ دارێژراوانەی سایە ی بەسەر ژیان و ئاسایشی دانیشتوانی شاری کەرکوک دا کردووە و خولقاندوویانە کۆنەپەرستانە نی یە !! لەسەر ماف و ژیان و چارەنووسی خەلکە و پەیوەندی بە ستەمی میللی یەوە هەیە و لەسەر بەشە دەسەڵاتی ( یەکێتی و پارتی ) نی یە )) . بەڵام بە ڕاست وایە ؟؟

پێم وا نییە تەنانەت ئەو دوو حزبە خۆشیان جورئەتی ئەوە بکەن ئەمە بە خەلک بلێن . ئەوان چەند سالە لە کوردستان ئەوەشیان بە ئاوارەکانی کەرکوک ڕانەدەبینی لە ژێر لەوح و چینکۆ و خانووی ووشکە کەلەکدا بژین و لوقمەی ژیانی مندالەکانیان بە مەینەتی و دەست فرۆشی پەیدا بکەن , ئەوان چەند سالە لە کوردستان بۆ بەشی دەسەڵاتی مالی خۆشیان خوێنی سەدان و هەزاران ئینسانی کوردیان لە یەکتر ڕشتووە ئەوەی نەشیاو بووە کردوویانە , ئێستا جورئەتی ئەوە ناکەن ئەو قسەیە بکەن کە ئەم نووسەوە دەیکات , ئەوان بە ئاشکرا باسی بەشی زیاتر و دەسەڵاتی زیاتری خۆیان لە بەغداد دەکەن , لە خوارەوە خەلکی بێ تاوانی کورد و عەرەب دەکەن بە دوژمنی یەکترو ژیان و چارەنووسیان لێ تێک دەدەن لە سەریشەوە خۆیان لەگەل سەرانی کۆنەپەرستی عەرەب لەئامێزی یەکتردان و دەسەلات بەش دەکەن . دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس , یەکێتی و پارتی لەگەل ئیسلامی یەکان و ..... هتد خەریکی ئەوەن بەدیلی خۆیان بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق لەسەر بنەمای ناسنامەی ( میللی و . مەزهەبی و تیرەگەری ) دادەمەزرێنن , هەرلایەک هەول دەدات و کێشمەکێشی ئەوە دەکات بەشی زیاتر باشتر لەو حکومەت و دەسەلاتە بپچرێت , بەمجۆرە بەرامبەرکێ یەکی کۆنەپەرستانەی قەومی و مەزهەبی و تیرەگەری یان لەسەر دەسەلات خولقاندووە . ئەمە ناوەڕۆکی سیاسەت و ئامانج و بەرژەوەندیەکانی ئەحزابی بۆرژوازی کوردە کە لە مەسەلەی میللی یانەوە پێچاوەتەوە و ئەمرۆ زیاتر لەهەر زەمەنێکی تر ڕۆشن تر و شەفاف بووەتەوە . <u>مەسەلەی میللی بۆ خەلکی کوردستان ڕزگاربوون بوو لە ستەمی میللی , بەڵام بۆ ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد پەیژەیەکە بۆ دەسەڵات .</u>

<u>**دووەم –**</u>

هەروەها نووسەر خیلافی بەوە هەیە  کە ڕێبوار ئەحمەد دەڵێت ( بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس  مەسەلەی کورد ئالوگۆڕی گەورەی بەسەردا هاتووە .... هیچ کەس بە هۆی * کورد * بوونیە وە ستەمی لێ ناکرێت ـ ستەمی میللی نەماوە .....) . بەڵام نووسەر پێ ی وایە ستەمی میللی تەواو نەبووە . باشە خۆ ستەمی میللی لە ئاسمانەوە نەباریوە , زەمینەو پایەی ستەمی میللی لە عێراق دا  حاکمیەتی ڕژێمی ناسیۆنالیستی بەعس بوو  کە لەسەر بنەمای ناسنامەی میللی ( عەرەب ) پێناسەی عێراق و دەسەڵات و دەستور و سیاسەت و کردەوەکانی خۆی دەکرد . نەمانی ئەم ڕژێمە خود بەخود کۆتایی  بە  ستەمی میللی لە عێراق دا دەهێنێت. ئەمڕۆ کە بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس ستەمی میللی نەماوە هەول دەدەن مەسەلەی ماڵە ئاوارەکانی کەرکوک و ناسنامەی میللی  شارەکان و شارۆچکەکان و ..... بکەنە مەسەلەی میللی . دواتر لە هەگبەیەکدا ( کە خۆشیان لەسەری ناکۆکن و لەسەری شەڕ دەکەن  ) بە ناوی کێشەی کوردەوە لەسەر مێزی حکومەتی ( قەوم و دین و قەبیلەکان ـ کە دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر کۆمەڵگای عێراق دا ) گفتوگۆ و ساتو سەودای لەسەر بکەن . ئایا  ئەمە پەیوەندی بە ستەمی میللی و مەسەلەو  کێشە و ژیانی  خەلکی کوردستانەوە چی یە ؟؟

<u>سێیەم ـ</u>

کاک ( س .ع ) زۆر نارەحەتە کە بۆچی ئێمە پێمان وایە ( بانگەواز بۆ جیابوونەوە لە ئێستادا ناوەرۆکێکی کۆنەپەرستانەی هەیە ) دەڵێت : ئەم بۆچوونە زادەی مارکسیزم نین , نمونەی هەلوێستی مارکس لەسەر ئیرلەندە دەهێنێتەوە . سەرەتا پێویستە کاک سەلام ئەوە بزانێت کە ناسیۆنالیزمی ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی سەردەمی مارکس و تەنانەت سەردەمی لینینیش نی یە . ناسیۆنالیزمی ئەو سەردەمە نەک هەر قەومی نەبوو بەلکو ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە ئاوێتەکردنی قەومە جیاجیاکان لە یەک چوارچێوەی میللی هاوبەش دا بۆ پێکهاتنی  ئابووریە کاپیتالیستە تەمەن درێژەکان لە ئەوروپادا و تێک زپێک دانی سیستمی فیئودالی کۆن .

بەڵام مێژووی ئێستای  ناسیۆنالیزم بە تەواوی جیاوازە . شارپێی ناسیۆنالیزم ( سەردەست و ژێردەست )لەم سەردەمەدا نەک هەر ناوەرۆکێکی ئابووری تایبەتیان نی یە و بەلکو لە بنەڕەتدا سەرچاوەکەیان بریتی یە لە ستەمی میللی و فەرهەنگی و دوژمنایەتی ناسیۆنالیستی لەسەر دەسەڵات . دەسەڵاتێک کە کۆمەڵگا  لە مەیدانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی یەوە بەرە و خراپتر و کۆنەپەرستی زیاتر دەبەن . ئەوە تەجرەبەی 40 ساڵی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراقدا ڕەشترین مێژووی تۆمار کردووە  و لە پەیوەند بە ناسیۆنالیزمی کوردیشەوە لە عێراق دا خەلکی کوردستان 12 ساڵ دەسەڵات و سیاسەت و کارکردی ئەوانی بە چاوی خۆی بینیوە کە چی یان لە سامان و داهاتی کوردستان کرد ؟ دەیان و سەدان ئامێر و شۆفل و پردی هاتو چۆیان چی لێ کرد ؟ لەگەل ئازادی و مافە فەردی و مەدەنی و سیاسی یەکان چۆن وچی یان کرد ؟ تەنانەت ووشەیەکیان لە قانوونوکانی ڕژێمی پەعس نەگۆڕی , لە بەرامبەر بێکاران و دەستفرۆشاندا چی یان کرد ؟ چۆن چارەسەری هەژاری و بێکاریان کرد ؟ لەسەر دەسەڵات چەند جەولەی شەڕیان کرد ؟ دەستی چەند دەستە و تاقمی تیرۆریستی و بەکرێگیراوی ئیسلامی یان گرت و لە پارە و حکومەتدا شەریکیان کردن ؟ چەند جار و لەشکری چەند سوپای نەتەوەی سەردەستیان هێنایە سەر کوردستان ؟ چەند و چەندی تریش ....,  بزووتنەوەیەکی سیاسی ئەمە بەرنامە و سیاسەت و کردەوەی دەسەڵاتەکەی بێت  ئایا دەبێت پشتگیری لە دەسەڵات و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی بکرێت ؟؟  ئەمە جگە لە پشتگیری کۆنەپەرستی چ مانایەکی تری هەیە . ئەمە پشتگیری کردنە لە دزی و ڕاوو ڕووت و ئاودیو کردن و نەبوونی ئازادی و بێ مافی و هێشتنەوەی قانوونە ئیسلامی یەکان و  پەلاماردانی دەستفرۆشان و خانووە بێ تاپۆکان و شەڕی ناوخۆ و کرێ گرتەیی دەولەتانی ناوچەکە و جیهان  لە وولاتێکی سەربەخۆدا ..... , ئەمەش کاری نەک تەنها کۆمۆنیستەکان بەلکو کاری هیچ کەسێک نی یە کە زەرڕەیەک  گیانی ئازادیخوازی و پێشکەوتن خوازی تێدا بێت .

ئەوەش کە تا ڕژێمی بەعس لەسەر کار بوو چەوسانەوەی میللی و ترسی گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ کوردستان هەبوو , <u>ئێمە داوای ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستان و دەولەتێکی سەربەخۆی غەیرە ( قەومی و مەزهەبی )</u>مان دەکرد , یەکێتی و پارتیش بە ئاشکرا و نهێنی تا 6 ـ 7  مانگ پێش ڕووخاندنی بەعسیش خەریکی سات و سەودا بوون لەگەلیدا , لە شەقلاوە بریارنامەی ئاشتیان بۆ ڕێکەوتن  لەگەل ڕژێم مۆر کرد  . ئەوکات کاک (س .ع ) و ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیتەکانی تریش نقەیان لەخۆیان بڕی بوو  . لەو هەل و مەرجەدا سیاسەتی ئێمە دەیتوانی کۆتایی بە ستەمی میللی و سەرگەردانی وەزعی سیاسی کوردستان بهێنێت . بەڵام  دەستەمۆیی و لێ نەوەشاوەیی ناسیۆنالیزمی کورد بە ئاستێک بوو ئێمەیان بەوە تاوانبار دەکرد و دەرگای دادگایان پێ گرتین کە داوای جیابوونەوەی کوردستان  و تێکدانی یەکپاردەیی خاکی عێراق دەکەین ... , لەو هەل و مەرجەدا لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای خەلک بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی و مەترسی گەڕانەوەی بەعس بۆ کوردستان و بۆ وەڵام دانەوە بە نەبوونی دەولەت و حاکمیەتێکی ڕەسمی لە کوردستاندا , ناوەرۆکێکی ئازادیخوازانە ی

هەبوو , هەر ئەوکاتە ووتمان ئەمە تەرحێکە بۆ هەل و مەرجی ئێستا ئەگەر هەل و مەرجەکەش بگۆڕرێت سیاسەتی ئێمە گۆڕانی بەسەردا دێت . بەڵام ئێستا هەل و مەرجی سیاسی عێراق بە تەواوی پێچەوانەیە . ئەو ڕژێمەی سەرچاوەی ستەمی میللی بوو لە عێراق دا نەماوە و ستەمی میللی کۆتایی پێ هاتووە , کوردستانیش حاڵەتی دابڕاوی جارانی نەماوە و ئێستا هەموو عێراق لە وەزعێکی سیاسی و چارەنووسێکی هاوبەشی نادیاردا دەژین , سەرانی بزووتنەوە بورژوازیە کۆنەپەرستە ناسیۆنالیست و ئیسلامی یەکان دەیانەوێت لە ڕێگای سازکردن و قووڵ کردنەوەی کێشەی قەومی و مەزهەبی و تائیفی یەوە بەشی خۆیان لە دەسەڵات مسۆگەر بکەن . هەر بۆیە جوونە پشتی هەر تەرحێکی ( فیدرالیزم , دەولەتی سەربەخۆ ) کۆنەپەرستانەیە . هەر هەنگاوێکیش لە ڕاستای دامەزراندنی حکومەتێکی سکولار ـ مەدەنی ( غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبی ) ڕەوەندێکی ئازادیخوازانەیە و لایەنی کەمی ژیانێکی شایستە بە ئینسانە بۆ هەموو دانیشتوان . بەڵام ئەوە ناوەرۆکی ڕووشنبیرانی ناسیۆنالیستی کوردە کە لە حزبەکانیان لە دوواوە ترن , کە لە سەردەمێکدا ستەمی میللی وەکو ڕۆژی ڕووناک بە ئاسمانەوە بوو نەیان دەبینی و بڕیارنامەی ئاشتی و برایەتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ ڕژێمی بەعس یان بە قوڕگدا دەچوو و تەرحی ڕیفراندۆم و جیابوونەوەی کوردستانیان نەدەبیست , بەڵام ئێستا کە ڕژێمی بەعس و ستەمی میللی یەکەی نەماوە دەڵێن ئێمە لەگەڵ عەرەب ناحەوێینەوە !! ئایا ئەمە شەرمەزاری نی یە .

**چوارەم ـ**

(س .ع ) لە کۆتایی دا ئیشارەت بە باسێکی من لە ژێر ناوی ( نەعێراق وولاتێکی عەرەبی یە , نە کەرکوک شارێکی کوردی یە ) دەکات کە لە پالتاک دا باسم کرد . نیاز و مەبەستی من لەو باسەدا بە ڕۆشنی لەم ووتارەدا هاتووە . هەموو کەس ئەوەندە دەزانێت کە شار بەشێکە لە وولات و گەڕەک بەشێکە لە شار , باسەکەی من ئەو جغرافیایە نی یە کە ئەو باسی دەکات , باسەکەی من لەسەر فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتی دەسەڵاتدارێتی ناسیۆنالیزمە . ئەوە تەنها ناسیۆنالیزمی قەومی ئەم سەردەمەیە کە لەسەر بنەمای ناسنامەی میللی و ئینتمای میللی ( ئینسان و وولات وشار و شارۆچکە) ئینسانەکان بە ناسنامەی میللی یەوە لە بەرامبەر یەکتردا ڕادەگرن و کێشە وستەم و شەڕی میللی دەخولقێنن و دەسەڵاتی لەسەر بنیات دەنێن . ناسنامەی میللی بەردی بناغەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمە , لە سەر بنەمای عەرەب بوون وکورد بوونی دانیشتوان وعێراق و کەرکوک .... حکومەت و دەستور و یاسا و ماف و حقوقەکان و کار و کردەوەکان دیاری دەکەن ودادەمەزرێنن , ناسنامەی ئینسانی خەلک و ماف و پێویستی یە کانی ژیانێکی ئینسانی و متمدن ژێر پێ دەنێن . بەلێ لەندەن , ستوکهۆلم , سدنی هەریەکەیان شارێکی بەریتانیا , سوئید , ئوستورالیان بەڵام هیچیان شارێکی ئینگلیزی و ئینگلیزەکان و سوئیدی زمانەکان نی یە , چونکە لەو وولاتانەدا دانیشتوان هەر تایبەتمەندیەکی زمان و ڕەگەز و نەژادیان هەبێت و هەر دینێکیان هەبێت یان نەبێت لە بەرامبەر قانون و یاسادا مافی وەک یەک و یەکسانیان هەیە , خەبەرێک لە بە ڕەسمی ناسینی ( ناسنامەی میللی ) نی یە لەپێکهاتەی حکومەت و پەرلەمان و دەستور و یاسادا . ئەمەش خواستێکی سادە و سەرەتایی دانیشتوانی عێراقە بە گشتی کە ئەم تەوق و مۆتەکەی ناسنامە میللی یەی بەسەر خۆیان و وولات و شارەکانیان دا لە لایەن ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردەوە سەپێنراوە بە سەریاندا کۆتایی پێ بێت . ئەمرۆ دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراق دا گەورەترین فرسەت لەبەردەم خەلک و ئازادیخوازان دایە دەسەڵاتێکی سکۆلار و مۆدێرن دابمەزرێنن .

لە کۆتایی دا هیوادارم ( س .ع ) پێش ئەوەی بە ناوی قەلەمێکی مارکسیست و کۆمۆنیستەوە بنووسێت خۆی لە گەرد و تەپ و تۆزی دید و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی پاک بکاتەوە و بەرگری لە خواستی دامەزراندنی دەولەتێکی سکۆلار و مەدەنی بکات کە هەموو دانیشتوانی عێراق ماف و ئازادی وەک یەک و یەکسان و ژیانێکی بەختەوەریان هەبێت . ئەگەر بە پێچەوانەشەوە لە سەنگەری فیدرالیزمی قەومی و دەولەتی سەربەخۆوە درێژە بە بەرگری لە کێشە و شەڕ و ململانێی قەومی دەدات , ئوسولی وایە کە قناعەکەی لا بدات .

سامان ئەحمەد / samanahmadk@yahoo.com

2003 / 10 / 4